# باڵەکانم بدەرەوە

نەوزاد ڕەفعەت



کالبتۆسەکەی دراوسێم لێوە دیارە
لەژێر هەورەتریشقە و نمەباراندا هەڵدەلەرزێ
سەرمایە! سەرمایە! سەرما!
ئەمشەو ئاگریش دەتەزێ
بن پەڕوباڵی قەڵەم و کتێبخانەش ساردوسڕن
بێ ڕوح و بێ چرایە ماڵ
چاوەڕێن دەرگا و پەنجەرە
چاوەڕوانن کورسیی بەتاڵ
لوورەلووری لە خودی خۆمەوە دێ و
تۆقینێ گەمارۆم دەدا
تۆقین لە هەورازەڕێی سبەینێی خڕ دڕکەڵان
بۆ کوێ ڕۆیشتوون چراکان
بابە تاهیری مەینۆش و خودانی خەندەکەی بایی
هێمنگوێی و دۆستۆیڤسکی
تۆلستۆی و هێرمان هێسە.. ئەوانی دی؟
زۆر لەمێژە سەریان نەداوم چیاکان
دایکم دویرە پەریزادیش لە بیر و یادگە نزیکە و
چەندەها ساڵە زویرە
بەدەم سەوڵ لێدانەوە
لە دەریای ئەو خەیاڵانەی نابڕێنەوە
بێدەنگ دەدوێم:
[لە تاریکیی سەرگەردانیم دەربهێنە و
بمهێنەرەوە سەر دنیا
ڕۆشنایی بگەڕێنەوە خانووی مردوو
بەهار بگەڕێنەوە بۆ ساڵ و
ئاسمانی هەورینی گومان
بگۆڕە بە ساماڵی بێگەردی یەقین
هەتاو و مانگ و ئەستێرە بێ تۆ هیچ نین
بمهێنەرەوە سەر زەوی
ئەوسا ئاسا شەو درەنگان پەنجەرەکان بکەینەوە و
گوێ لە سترانی قورینگان بگرینەوە
قاز و قورینگ قەتار قەتار بۆ کوێ دەچوون؟
خۆزگەمان دەخواست قورینگ باین
ئەو شەوانەت لەبیرماون یا بیرت چوون؟
سەیرە ئێستا زایەڵەیان نابیسمەوە!
دە ئەم بەردی سزایەم لە کۆڵ دابگرە و
مەهێڵە داڵاشی تۆڵەم تێ بورووکێ
مەهێڵە ژیان بژاکێ
مەهێڵە تیغی دڵڕەقی تک تک خوێنی لێ بتکێ

ئەستەمە بڵێم: ئا.. یی! پرۆتیۆس تەنانەت تۆش؟!
نا نا نا بای ڤین نەیبردووی
داری ڤینی هەڵنەکەندووی
نەورۆزمان بگەڕێتەوە
ئاسک و ئاو ئاهەنگ دەگێڕن
لێوی بەبار و دار و بەرد کاژ دەگۆڕن
ڕێی عابیدان دەناسمەوە و
بە سرووتی بلوور و دەف لێدانەوە
لە نوورت نزیک دەبمەوە و
بە ویرد و بە سروودەوە
دەچەمێمەوە لەبەردەم مۆمەکاندا و
دەرگا و پەنجەرە و دیواری ئاتەشگەدەی
ئەوینت ڕادەمووسمەوە
چەند چڵە زەیتوون
چەند پیری پۆستنشین و
چەند پەپوولەسلێمانە
چەند کۆتری نامەبەرت بۆ بنێرم
دەستوپەنجەت ڕابمووسن؟
ئەگەر دەزانی چەند کوورم!
چەند خاپوورم!
ئەوەتانێ بەدیار تەرمی (ئەنکیدۆ)وە (١)
نەخێر بەدیار هی خۆمەوە هەڵکوڕماوم!
مۆرانەی خەم.. مۆرانە لە ئێسکی داوم
وەرە هەڵم بکێشەوە
لە بیری
حەزرەتی
یووسف
قووڵترە
بیری
ترسی
من
فریا! فریا!
هەڵمژینی بۆنی کراست لە دووڕراش
بینایی بە چاوی کزم، چاوی کول دەبەخشێتەوە!

هۆ هۆ هۆ (مام سانتیاگۆ)!(٢) (مام سانتیاگۆ)!
خەونەکەت لەبارچوو، قرش (مارلین)یان(٣) خوارد
کەچی قرشی نازانم چی!
قرشی نەیار و ئیرەیی
(بووکی دەریا)یان خواردووم بووک
تۆش پێتوایە بووکی دەریا.. بە پەرجووی زەردەخەنەیێ
بە خوڕەخوڕی گریانی پەشیمانی بژێیتەوە و
بچێتەوە هەمان دەریای ئەویندارێ؟
بچێتەوە دەریای بێ قرشی ئاژاوە و گەرداوی سوور؟
چاوەڕوانی واهیمە بێ یاخود ڕاستی
هەتا خەزان هەتا وشک دەبێ گەڵام
لە (چاوەڕانیی گۆدۆدا)م!

دوور و نزیک گوێم لە ترپەترپی دڵتە و
دەزانم تۆش لە پشت کێو و تەلانیش بی
موناجاتمت دەگاتێ و
ڕۆژێکیان بە دەنگمەوە دێی:
«نەوزاد گیان وا هاتم! وا هاتم!
لە خۆر ڕۆشنتر هەڵهاتم!»
زەمین زۆر تەنگ و تاربووە
زەمین خەمناک دەڵێی بێ ساز و سەنتوور و بێ تاربووە

باڵەکانم بدەرەوە بەیەکەوە بفڕینەوە
بەیەکەوە فرمێسکی بێ گوناحەکان بسڕینەوە
بەیەکەوە ڕێی بەهەشتی ماڵی بێ مار بگرینەوە
هەر لە دوورڕا گزنگ بدەی
خۆم و هوما و
گوڵ و گەڵای باخ و شەقامەکانی شار
(زۆربا)یانە(٤).. مەستانە دەکەوینە سەما!]

**بەیانییە دەڵێی بۆ هەڵواسین دەبرێم**
**لە جەستەم ئاڵاوە سەرما**
**پێخەف پڕ دڕکوداڵ**
**چێشتخانە ساردوسڕ**
**نان و چا تفتوتاڵ**
**لە پەنجەرەڕا دەبینم:**
**چەترەدارەکەی لای دەرگای ماڵە هاوسێ**
**وەک ڕەنگ و ڕووم**
**وەک تەمەن زەردهەڵگەڕاوە**
**ئەها! ئەها! هەورێکی تاریکی هێنا**
**ڕەنگە شەو لافاو هەڵبسێ**
**سەرماوەزە**
**زستانێکی تەڕوتووشە**
**خۆت بە پەڕوباڵی میهرم دابپۆشە**
**خۆت بە پەڕوباڵی میهرم دابپۆشە**
**خۆت بە پەڕوباڵی میهرم دابپۆشە**

**پاکنووس ٢٠١٩/١/١**

**(*) یەکەم جارە لە شیعری کوردیدا، ئەم دوو چەمکە وەک تەکنیک بەکاردێن.**
**١- هاوڕێکەی (گلگامش)ە.**
**٢- شاکەسی ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی (ئیرنست هێمنگوێی)ە.**
**٣- جۆرە ماسییەکە.**
**٤- شاکەسی ڕۆمانی (زۆربا)ی (نیکۆس کازانتزاکی)یە.**
**(**) ئاماژەکانی تر بۆ وەرگری زیرەک بەجێ دەهێڵم، بچێتەوە سەر سەرچاوەکانیان.**